# فاوڵ له ڕۆژنامەكانەوە*

## گۆشەی ماڵئاوایی

### عەلی مەحمود محەمەد

40 پەرلەمانتار داوای دانانی دەستورێك بۆ هەرێمی كوردستان دەكەن( ك ن 22-7).

- 80 بیان داوای زیادكردنی موچەی خۆیان كرد , قوڕ بەسەر گەلێك ئەوان دەستوری بۆ بنوسنەوە , تا دنیا ماوە دەبێت بە دەستییەوە بناڵێنین .

بەهۆی ئاوی ماڵەكانەوە ڕوباری چۆمان پیس دەبێت (خەبات13-7).

- با بۆ ڕۆژی ڕەش چڵكاوەكان پاشەكەوت بكەن ,ئاوی ڕەش بۆ ڕۆژی سپی .

قایمقامی دوكان : هەموو كوردستان ئاوی ئێمە دەخواتەوە , خۆمان ئاو نییە بیخۆینەوە (هاوڵاتی).

-بۆ لە دوكان مۆدێلی ئاو خواردنەوە ماوە؟ , ئێمە تەنها مەسئولینی تیا دەبینین ؟ .

كوشتنەوە, پارچەپارچەكردن,نێربازی , گروپەكەی شێخ زانا ( خەبات 14-7).

- خۆتان تەسكیەتان كردن .

ئەبو بەكر ئیسماعیل بالیسانی : گێڕانەوەی كەركوك , ئەركی ئێستاو ئایندە(خەبات 14-7).

-بە دۆلار دەگەڕێتەوە نەك بە دروشم , هەزار وشە بە قوربان بلۆكێك شكاوبێت بێت .

ڕێژەی دەرچوون لە ئامادەییەكان 11,76٪( كوردستانی نوێ 14-7).

- دووعا بكەن پرسیارەكان لە گیرفانی بەچكە بەرپرسەكان و دەوڵەمەندەكان بوو , وا نەبوایە ئەوەندەش نابوو .

فەرمانبەرێك لە هەڵەبجە : لەم شارەی ئێمە نە یاسا نە ویژدان حزووریان نییە ( ڕێگای كوردستان 13-7).

- بۆ لەكام شار ویژدان ماوە لەم كوردستانە , باشە دەزانن كوردستان وایە بۆ وا بێدەنگن ؟.

گەنجانی كوردستان خۆیان بۆ ڕەتكردنەوەی دەستوور ئامادە دەكەن (ئاڵای ئازادی ).

- دیارە عێراقی ئیسلامییان ناوێت , لەجیاتی خاڵخاڵی بەیان جەبر .

برایەكی كەماڵ شاهین بریندار بوو ( ئاسۆ 14-7).

- دەباسێكی سەربڕینی گەریلاش بكەن جارێك , ماستێك موی تێدا بێت هەموو كەس لە دورەوە دەیبینێت .

بابەکر زێباری ئەفسەری عارەبی پێ باشترە لە کورد (هەواڵ 9-7).

– گیانە لە قەسری جمهوریش هەموو موستاشەرەکان لە وەفیقەوە بۆ ئەوانی دیکە خۆ زەنگەنە نین .

ئیسماعیل بەرزنجی لە لەلی 14-7 ی خەبات : فوق المستحیلاتە گەنجێك بتوانێت بە پارەی مووچەی وەزیفە بێتە خاوەن ماڵ و ژن .

–ئەی بۆ بەرپرسەکان بە نەسرییەی حیمایەی دەوام نەکردوو , قازانجی کۆمپانیا و .. بوون بە خاوەندی چەند ژن و ریزە دوکان و چەند خانوو ملیۆنان دۆلاری خەوتوو؟؟ .

لیژنەی نەزاهەت لە کوردستانیش دادەمەزرێت (ئاسۆ10-7).

– قوڕ بەسەری بەرگەی ددانی قرشەکان کوردستان ناگرێت .

بە بۆنەی کۆچی دوایی ملازم ئەحمەد جبورییەوە : بەناوی مام جەلال یاریدەدەری سکرتێری گشتی , هاوخەمی بە مەکتەبی سیاسی حشع ڕاگەیاند ( ك ن 10-7).

– بۆ بەدر و جەیشی مەهدی بوایە خۆی ئامادە دەبوو ! .

سەرکردایەتی سیاسی کورد و ئەرکە گرنگەکانی سەر شان ( ك ن10-7) .

– ئۆتۆمۆبێلی جوان , ژنی دووەم و سێیەم , برسی کردنی خەڵك , پاوانکردنی ژیانی سیاسی , کۆکردنەوەی دۆلار , دامەزراندنی کۆمپانیا , ... .

ئەگەر هەمو یاسا شکێن بین , پۆلیسەکانی هاتووچۆ چی بکەن ؟ ( چاودێر 36) .

–لە حیمایە لە پشتەکان بپرسن ؟ , گەل پێویستی بەو پرسیارە نییە !.

نەوزاد سەنگاوی ناحیەی تەکیە , نەخۆشی سکچون و ڕشانەوە لە زیادبوندایە ( چاودێر 36).

–دیارە کەوتوەتە لەمۆزەمبیقەوە , ئاگامان لێ نییە , بۆ شتی وا لە کوردستان هەیە ؟؟.

پارتی: دروستکردنی کۆمیتەو فەوجی نوێ فشار بۆ سەر کادرانی یەکێتی ( چاودێر35).

–دیارە هەڵبژاردن یاخود شەڕی ناوخۆیی نزیکە .

نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر : ژووری دکتۆرەکان سپلێت , ژوورەکان ئێمەش پانکە ( ك ن 11-7).

– دیارە لە سلێمانی سەرانی گواستویانەتەوە بۆ خانووە قوڕەکان .

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن وەك پارێزگا سەیری کوردستان دەکات (ئاسۆ 12-7).

– ئوباڵەکەی لەملی هەردوو حیزبەکەیە , یەك نەگرنەوە لە پارێزگا زیاتر نین .

ڕیٚوشوێنی یاسایی لە دژی ئەوانە دەگرترێتە بەر زیادە ڕەوی دەکەنە سەر موڵکی گشتی ( ک ن 12-7).
– دیارە یاسا هەقی بەسەر ئەوانەوە نییە زەوی کوردستانیان هەموو لەسەر خۆیان تاپۆکرد .

لە زیندان دەمێنێتەوە بەمەرجێك خانووە تەجاوزەکەی نەڕوخێنن , کوردێکی ئێرانی لە کەلار (علی محمد) (ئاسۆ12-7).

– ئەی خۆ ناچێت بۆ ڕومادی تا پەلاماری خێزانەکەی بدەن ,شوێن هەیە سەری بۆ هەڵگرێت بە سزمانە , زیندان باشترینیانە .

* ئەم گۆشەیەم بۆ ئاڵای ئازادی ئامادە دەکرد , لە دووەم گۆشە بڕی نەکرد و ڕاوەستا , هەرچەندە من هەر نەبوایە چاوەڕوانی ساڵێکم هەبوو .